هەڵبژاردن لە وولاتی بەفر ئاسۆبیارەیی_سوید ١٥-٩-٢٠٠٢

مۆدێرات:

پارتەکەی ئێمە پارتی یەکسانی و تەباییە ،سەربەخۆیی تاکەکەس دەبارێزێ و لەمافەکانی داکۆکی دەکات . پارتەکەمان ئەیەوێت (بێجگە سەر زەردو چاوشین) پەناهەندەی تر وەرنەگرێ ..

پارتەکەمان سنوورێك بۆ دەسەڵات دەوڵەت دیاری ئەکات و مرۆڤ دەکاتە خاوەنی سەرمایەی خۆی . زۆر شەرمە ئەمرۆ لەسایەی حکومەتی کاڵە سوورەوە لایەکی کۆمەڵگا بەپارەی سواڵ بەستراوەتەوە.خۆتان دەبینن کەچۆن حەشامەتی سەررەشان دیمەنی سویدەکەمانیان ناشرین کردوە.

ئەگەر پارتەکەی من دەسەڵات وەربگرێ ئەمبریارانەی خوارەوە جێبەجێدەکەین :

١-لابردنی ساتەلایتی گەرەکی پەناهەندەکان وناردنیان بۆ(گسدان ،قاپشتن و خزمەتی پیرو پەکەوتەکان) کار.هەروەها ناچارکردنیان کە فیری زمانی سویدی بین کەتا دانیمارك برناکات.

٢-بەتایبەتیکردنی خەستەخانە،جادە ، دلداری وهەمووکەرتێکی گشتی کەگیری خواردبێت بەدەست حکومەتەکەی (وێران پەشێو)*ەوە .

بۆیە داوائەکەم کەدەنگ بۆ پارتە پێشرەوەکەتان بدەن کەبۆ مافی ئێوە تێدەکۆشێ !!!

لەکابینەی مۆدێراتەوە

پارتی ناوقەد

بەومەرجەی ئێمە قورسایەتیمان مەحەکەو داهاتوی سوید بەئێمەوە بەندە ، داواتان لێدەکەین دەنگمان بۆبدەن کە:

١-زمانی شیرینی سویدیمان بپارێزین و وەك برا مۆدێراتەکانمان ئەڵێن زمانی سویدی بکەینە زمانێکی نێونەتەوەیی.

٢-قەدەغەکردنی زمانی لابەلا وەك هەورامی ، سۆماڵی،ئەریتیری، و زازایی و زۆر زمانی بێگانە کە وێردی منداڵەکانمانی تێکداوە.

٣-هەرپەناهەندەیەك بۆی نەبێ لە دوومنداڵ زیاتر هەبێ ، چونکە شوقەی پێنج ژووریمان پێ دروستناکرێ ولەکاتی پەرینەوەدا لەجادەکان ترافیك لایتەکان دوائەخەن.

سکرتێری پارتی ناوقەد

پارتی کلیسایی

لەوەتی من هۆشم کردوەتەوە و خودا پاپۆرەکەی نوحی پێ بەخشیوین ، دەزانم پارتەکەمان هەزارەها تەکیەو لانەی بۆ هەژاران و دروستکردوە.کەسێك بەرێکەوتیش رێگەی بکەوێتە تەکیەکەمانەوە دەزانێ خودای مەزن ئێمەی چەندخۆشدەوێ ،دەزانێ کەچەند پارتیەکەی ئێمە مۆدێرن و دیوموکراتە..

ئێمە نەبەزۆر ریش بەکەس ئەتاشین و نەدژی تەنورەی کورتیشین.

١-پارتەکەمان زۆر بایەخ بەخێزان دەدات ، بەتایبەتی کچان . چونکە کچانن بەهەشتیان بۆ ئێمە پرلەفریشتەکردوە.

٢--کردنەوەی کلیسا لەزۆربەی شەقام و شوێنە گشتیەکان

کۆمیتەی قەشەی پارت

پارتی جەماوەر
جەماوەر هێزی لەبنایێت و تاسەر گومڕاناکرێ بەدەست لابالّی سورەسەوزەوە کەچەندەها سالّە ئابوری ئەم وولاتەی لەمشتدایە..خۆتان دەزانن کە(وێران پەشێو)، پیربووەو ترسنۆکە، وولاتی پێ نابرێ بەڕیوە . دەزانی کەخۆی چەندسالّێکی تر خانەنشین دەکرێ موچەی خانەنشینان زیاددەکات گوایە پارەکە لەکاسەی خۆییی.ئێمە وەك پارتی جەماوەری داواتان لێدەکەین کەدەنگمان بۆبدەن چونکە کەئێمە هاتینە سەر وەیس ، وەیس دەبێتە هی جەماوەر و ئازادی لەدەروازەی هەموو مالّێ وەك ئەسێرەی شەوی یەلّدا ئەدرەوشێتەوە.

شێری کێوان *

پارتی کالّەسوور

تۆلّە بەسەبرە ئەمما بەزبرە
بەقەولی کفن دڕان(مۆدێرات و ڕەوەکەی) بامن ناوم وێران بێت و پارەتەکەشم پەشێوبێت ، بەلاّم خەلّکی سویدو جیهان شایەتی پیشکەوتنی سویدن کەوەك هەتاوێکی گەرم لەناو شەختەو شەوەزەنگی ئەمپەڕی دنیادا بوەتە لانەی ئاسیش و بەختیاری .من شانازی بەخۆم و پارتەکەم دەکەم کە پەشێوی گەلین و پلانی دوژمنان وێراندەکەین.پارتەکەی من جێدەستی دیارە ، دەمیك نیە باوباپرنمان نەئاوەدەستیان هەبووە نەحەمام و سالّی یەکجار خۆیان شتوە.ئێستاش خانوو ستانداری سوید نیشانەی شارەستانیە .
من دلّنیام خەلّکی جارێکی دی ئێمە هەلّدەبژێێ چونکە :
١-ئێمە جەماوەرین و جەماوەر ئێمەین .بەلّێ بەلّێ یۆران لەهەموو کوچە وکۆلاّن.
٢-ڕزگارکردنی سوید لەکەلّبەی ناپاکی مۆدێرات و بالّە چاوبرسیەکەی کەدەیانەوێ دام ودەزگای خەلّك بەهەرزان بکرن و خەلّك بەخۆڕایی کاریان بۆبکات.

من ئەزانم سەرکەوتن بەشی پارتەکەی خۆمە و ئەوەندە دەنگ دێنین کەوەك بنیاکانی بازاری والّترید بەرزبێت . دلّنیام ئەوەندە چەپکە گولّی سەرکەوتنم پێ دەبەخشرێ کەلەیەك پارکدا جێی نەبێتەوە..

یۆران پەرسۆن٠

پارتی شێمەگودەرزی
من شەرمناکەم کەبلێم گولّی سوورم خۆشدەوێ .گولّی سوور نیشانەی ئەوین و هاوتەبایی مرۆڤە.
پارتەکەتان پارتی چەپ ئالاّی دادپەروەری وبەرابەری کۆمەلاّیەتی لێدەتکێ.نیشانەی ئازادی ودیموکراتیە.لەئێوە دەپرسم تائێستا لەکام کونجی دنیا برسیێکتان لەزەوی ڕژێمێکی کۆمۆنیسدا دیوە ؟
ڕاستە شێوەی جل وبەرگمان جوانیە بەلاّم ڕاستی بەهەشت لە بیردۆزەکەی ئێمەدایە.هەرچە ندە خۆم تائێستا ئارەقم نەڕشتوەو هەردەم خەریکی خواردنەوەبووم ،بەلاّم کە پارتەکەمان هاتەناو پەڕلەمان دلّی کاك مارکس ناشکێنێ وبەم هەنگاوانە هەلّدەستین:
١-کەمکردنەوەی پارە بۆ کەلیسا کەتادێت ژمارەیان زۆردەبێت و لاوەکان گومڕادەکەن.
٢-بەگشتییکردنی کارگەکان کەبوونەتە زیندانێکی ئەنگوستە بۆ کرێکاران.
٣-کردنەوەی دەروازەکانی شار بۆ پەنابەران .چونکە وەك کاك مارکس ئەلّێ :گەلان دۆستی یەکترن وجیاوازی مرۆڤەکان نیە.تێکەلّکردنی ڕگەزەکانیش ئەنجام ورەنگی جوانتری لێدەرئەچێ ،بۆنمونە مایکلّ جاکسۆنی گۆرانیبێژی ئەمریکی.
سکرتێری پارتی چەپ
شێمە گودەرزی٠

پارتی سەوز

پارتەکەمان ناوی لەخویدایە، پارتی سەوزو ژیان پارتی داران و گوڵان .ئێمە کەدەڵێن سەوزین ڕقمان لەنەتەوەی ترنیە،مەبەستمان ئەوەنیە کەسەرمان سەوزەوبەرگمان گەڵایە.هەرکەسێ لەم سویدەدا نەمامێك بروێنێ شایەنی مانەوەوە پاسپۆرتە.
سەوزتربێ کەور ، بەرزتربێ دارسنۆبەر.

قسەکەری پارتی سەوز

---

شێری کێوان:لاش لەیۆنباری سکرتێری پارت جەماوەری سوید
وێران پەشێو:مەبەست یۆران پەشێوە سەرۆك وەزیری سویدە
شێمە :گودن شیما سکرتێری پارتی چەپی سوید
بازارو واڵترایتی ئەمریکی.